www.kurdistannet.org

29-11-2006 10:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بانگەوازی پارتی سەربەستیی کوردستان، بۆ پێکهێنانی بەرە یا کۆنگرەی ڕۆژهەلاتی کوردستان

پارت و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان!

کەسایەتییە نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان!

پارتی سەربەستیی کوردستان، لە پاش هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی گشتیی ناوخۆی کوردستان و هەروەها چەندین دیدار و چاوپێکەوتنی دیپلۆماتیی جیهانی، زۆر بە ڕوونی هەست بە بۆشاییەکی گەورە دەکات لە ناو جووڵانەوەی سیاسیی کوردستاندا، ئەویش نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتووە بۆ کوردەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

پارتی سەربەستیی کوردستان هەر لە یەکەمین بانگەوازی دامەزراندنی خۆیدا و هەروەها لە چەندین کۆبوونەوە و سیمیناری گشتیدا، بانگێشەی دامەزراندنی بەرەیەک یا هەر چەشنە لە یەک نزیکبوونەوەیەکی پارت و لایەنەکانی کوردستانی کردووە، بە ئەرکێکی زۆرگرنگی نیشتمانیی دەزانێ و هەردەم هەوڵ و تێکۆشانی خۆی وەگەڕ دەخات بۆ ئەو لێک نزیکبوونەوەی لایەنە کوردستانییەکان.

لێرەدا جێگای خۆیەتی کە سوپاس و پێزانینی پارتیمان ئاراستەی ئەو کەسایەتی و لایەنە سیاسیانەی کوردستان بکەین، کە ئەوانیش سالانێکە هەوڵی زۆریان داوە بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەو هیوایە لەسەر هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان لەو پێناوەدا بەردەوام بن و کۆڵ نەدەن.

دڵسۆزان و خەمخۆرانی کوردستان!

وەک پارتی سەربەستیی کوردستان، لە ڕێگەی ئەم بانگەوازەوە بانگێشەی سەرجەم پارت و لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییە بێلایەن و نیشتمانپەروەرەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکەین، بۆ کۆبوونەوەیەکی بەرین لە سەر پێکهێنانی بەرە یا کۆنگرەیەکی یەکگرتوو بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان، هەروەها بۆ شرۆڤەکردن وتاووتوێکردنی ئەو کۆسپانەی تا ئێستا بوونەتە ڕێگر لە پێکنەهاتنی بەرە و، بە هاوفکریی هەموو لایەک هەوڵ بدرێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیان.

پارتی سەربەستیی کوردستان، بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بۆ ئەستۆگرتن و سەرپەرستیکردنی ئەو کۆبوونەوەیە لە یەکێک لە پایتەختەکانی وڵاتانی سکاندیناڤیا.

هاونیشتمانانی بەڕێز،

ڕۆژانە دەنگۆ و هەواڵی جۆراوجۆر لەسەر نەمان وکزکردنی ڕێژیمی حاکمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاست جیهاندا لە گۆڕدایە، ئەو ڕێژیمە بە هۆی کردەوە نادیمۆکراتی و نامرۆڤانەکەیەوە بێجگە لە گەلانی بندەستی ئێران، بگرە وڵاتانی جیهانیشی لە کردەوەکانی خۆی بێزار کردووە، فرۆفێڵەکانی ئەو ڕێژیمە و وڵامنەدانەوەی پێشنیارەکانی وڵاتانی نەتەوەیەکگرتووەکانی جیهانی بۆ نەهێشتنی چەکی ترسناک، بوونەتە هۆی ڕێگاخۆشکردن بۆ نەمانی ئەو ڕێژیمە، دەسەڵاتداران و زلهێزانی جیهانی ڕۆژانە هەڵسوکەوتەکانی ڕێژیمی حاکم لە ئێراندا بەرامبەر بە گەلانی بندەست و جیهان تاووتوێ دەکەن، بیرلەوە دەکەنەوە کە بە چ شێوە ڕێگایەکی گونجاو ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرە نەهێلن و ئاشتی و دیمۆکراتی لەو ناوچانەدا پیادە بکەن.

لە لایەکی دیکەشەوە دەبینین کە گەلانی دیکەی بندەستی ئێران و دراوسێی ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر بەباشی خۆیان بۆ هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک لەو ناوچەکەدا ئامادە کردووە، هەرکام لەو گەلانەی دیکەی بندەست کە خاوەنی چەندین پارتی سیاسین، سەرەڕای بوونی بیروڕای جیاواز لە نێوانیاندا، بەڵام هەموویان توانیویانە لە دەوری بەرە یا کۆنگرەی یەکگرتووی تایبەت بە گەلی خۆیان کۆ ببنەوە.

ئەوەی زۆر جێگای داخە کە تەنیا گەلێکی بندەست لەو بوارەدا خۆی ئامادە نەکردووە گەلی کوردی بندەستی ئێرانە، ئەوەش بووەتە مایەی نیگرانییەکی زۆر بۆ خەڵکەکەمان، کە بۆماوەی چەندین ساڵە دیالۆگ لە نێوان پارت و لایەنەکانی کوردستانیدا لە گۆڕدایە بۆ پێکهێنانی بەرە، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە بە ئاکامێکی دڵخۆشکەرانە بگات، لە لایەکی دیکەوە دەبینین کە پارت و ڕێکخراوەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بە ئاسانی دەتوانن لەگەڵ لایەنەکانی غەیرە کوردستانی لەسەر بەرنامە و پرۆژەی دیکە ڕێ بکەون، بەڵام مخابن لە نێو خۆیاندا بە ساڵان ناتوانن لەسەر ئەرکێکی نیشتمانی ڕێ کەون.

ئەو ناتەبایی و ڕێکنەکەوتنەی پارت و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کاریگەرییەکی زۆر ناهۆمێدکەری هەبووە لە نێو خەڵکەکەمان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، بێگومان هەموو لایەنێک شایەتی ئەوەن کە ڕۆژانە لەگەڵ دەیان گلەیی و گازندەی ڕۆشنبیرانمان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەرەوڕوو دەبن.

پارتی سەربەستیی کوردستان لەو باوەڕەدایە کە ئەو پارت و لایەنە کوردییانەی کە خۆیان بە نوێنەری خەڵکی کوردستان دەزانن، زۆر گرنگە کە هەنگاوی گرنگ بۆ دابینکردنی ئاوات و ئارەزووەکانی خەڵکەکەیان هەڵگرن، نەک کارێکی وا بکەن کە ئارەزووەکانی خەڵک بە چاوەڕوانییەوە بهێڵنەوە. بێگومان یەکێک لە ئارەزووە بەرچاوەکانی ئێستای خەڵکی کوردستان پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی و نەتەوەییە لە نێوان پارت و لایەنەکانی کوردستانی.

با هەموومان وێڕای جیاوازیی جۆرار جۆر لە شێوەی خەبات و بەرنامەی سیاسیمان، هەوڵ بدەین دەست لە نێو دەست بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووانەی کوردستانی، کە بتوانین خەڵکی کوردستانی پێ شادمان بکەینەوە.

ڕاستییەکی بەرچاو و ڕوون هەیە کە: بە بوونی بەرەیەک لە پارت و لایەنی هەموو چین و توێژەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مانای ئەوەیە کە ئەو بەرەیە دەتوانێ ببێتە وتەبێژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕوانگەی دونیای دەرەوە و لایەنە ئێرانییەکانیشەوە. هەروەها دەتوانێ بەرە وەزنێکی گەورەی کورد بێت، بەرامبەر بە نەیارانی کوردستان، زلهێزانی جیهانی، دۆستەکانی گەلەکەمان لە دونیای دەرەوەدا.

بەرە یا کۆنگرەی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەگەری هەر چەشنە شەڕ و توندوتیژییەکی ناوخۆی کوردستان لە پاش نەمانی ڕێژی ئێستای حاکم بپارێزێ، بەرە دەتوانێ لە هەر کاتێکدا ئاڵوگۆڕێک لە ئێرانی ئێستادا ڕوو بدات، وەک حکوومەتێکی هەمەلایەنە ئەرکی کاتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە ببات.

پارتی سەربەستیی کوردستان لەو باوەڕەدایە کە بەرە دەبێت لە نۆێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک بێت، بەرە نابێت گرێدراوی یەک ئایدولۆژیای تایبەتی بێت.

بەرە پێویستە خاوەنی چەند ئامانجی نیشتمانی و کوردستانی بێت کە بە زۆرینەی دەنگی لایەنە بەشداربووەکانی نێو بەرەکە ئامانجەکانی پەسەند بکرێن.

ئێمە لەم بانگەوازەدا ئاماژە بە 8 ی خاڵێ گرنگ دەکەین، کە هیوادارین هەر لایەنێک و کەسایەتییەک کە پشتیوانی لە بانگەوازەکەمان دەکات بۆچوونی خۆیان لە سەر ئەم خاڵانە ئامادە بکەن.

1. بەرە، یا کۆنگرە، لە هەموو پارت و لایەنێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکرێت کە باوەڕیان بە مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسیی کوردستان هەبێت، لە هەرقۆناخێکی خەبات تا بگاتە ئاستی سەربەخۆیی.

2. بەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی یا کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بتوانێ خاوەنی چەند کۆمیتەیەکی تایبەتی بێت، بۆ هەڵسوراندنی ئەرکە پێویستییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک:

3. کۆمیتەی کاروباری نێۆنەتەوەیی. کە بە نۆینەرایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا، دیدار و چاوپێکەوتن پێك بێنێت.

4. کۆمیتەی کاروباری تایبەت بۆ ناوخۆی ئێران، کە ئەو کۆمیتە نۆێنەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت لەگەڵ ئێرانی داهاتوو، هەروەها لەگەڵ گەلانی دیکەی بندەستی ئێران.

5. کۆمیتەی هەڵسووڕاندنی ئاشتی و ئاسایش لە ناو کوردستانی پاش ڕووخانی ڕێژیم.

6. کۆمیتەی داڕشتنی یاسایەکی کاتی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ئەوەی تا کاتی هەڵبژاردنیکی ئازاد لە کوردستان، خەڵک بەپێێ ئەو یاسا کاتییە لە کوردستاندا هەڵسوکەوت بکەن. بۆ ئەو کۆمیتە پێویستە لە کەسانی یاساناس و لێزان و ڕۆشنبیری گشتی کوردستان کەڵک وەربگیرێت.

7. کۆمیتەی ڕاگەیاندن وتەبلیغاتی بەرە یا کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕاگەیاندنێکی تایبەتدا.

8. کۆمیتەی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە هەوڵ بدات بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی تەواو لەسەر ئامار و جۆگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو شۆینانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە سامانی ئابوورییان تێدایە.

پارتی سەربەستیی کوردستان، 7ی سەرماوەزی 2706 ی کوردی، بەرامبەر بە. 2811. 2006
.PSK. PB 158 Nordstrand. 1112 Oslo. Norway
www. psk2006. org .sarbasti_kurd@yahoo. com ،sarbasti@gmail. comparti.